# هەڵبژاردە لە شیعری نوێی عەرەبی

و.: لەتیف هەڵمەت



## شێو

لە کاتی نانی شێواندا
بۆ لایان چووم
ساتێک تێرامان لە رووم
هیچ کەسێکیان
وەڵامی شەوباشەکەیان نەدامەوە
دیسانەوە
دەستیان کەوتە سووڕاندنی
کەوچکە بچکۆلەکانیان
لە قاپی شۆرباکەدا
***
سەرنجی قاپەکەم دا
هاوارم کرد:

"ماڵتان وێران... خوێنی منه... خوێنی من
ئاگاداربن "
کەسیان گوێیان نەدامێ
دەستەکان هەر
سووربوون لەسەر
پڕ کردنی کەوچکە بچکۆلەکان
هەر خوێنیشیان دەلستەوە
لێوەکان...

**

شیعری: ئەمەل دەنقەل

سەرچاوە: الأعمال الشعرية الكاملة ـ دار العودة ـ بيروت ـ

## چیرۆکەکەم لە گەڵ باخچە هەڵواسراوەکاندا

بیری هیچ یەکێک لە جووتیارانی
خواوەندەکانت ناکەم

بەهاری ئەفسانەکانت
ناخەمە باوەڵەکەمەوە



بە درێژاییساڵیش وەکو:
وشەیەکی تیژ
لە ڕێگاکاندا ناوەستم

لەگەڵ ئەم کشتوکاڵە
گەردوونگەرییەدا
من کارێکی دیم هەیە

ئەو ڕۆژانە دەژمێرم
کە جەنگیان تیادا نییەو
ساڵەکانیش بە ژمارەی گوڵەکان
دەژمێرم

ئەمە چیرۆکەکەی منە

لەگەڵ باخچە هەڵواسراوەکاندا

شیعری: رعد عبد القادر سەرچاوە: دع البلبل يتعجب منشورات: الأديب المعاصر

**

## چەند کۆپلە شیعرێکی عەبدولوەهاب ئەلمۆئەددەب

ماڵەکە دەسووتێ... ئاسمان دەشاردرێتەوە

داچۆڕانی ئاو ئاگرەکە دەکوژێنێتەوە

لە ڕۆژدا ماڵەکە لە خۆڵەمێشەکەیەوە بڵق دەدات

*

لە ڕێگادا دوو کەس بە یەکدی دەگەن

سەڵاو ئاڵوگۆڕ دەکەن... دڵنیا دەبن

کە ئەم یەکدی بینینە شەیتان نییە

*

لە نێوانی زەمانەکاندا... لە نێوانی ڕەگەزەکاندا

بە کۆچەری بە ونبوویی لە کیشوەرەکاندا

لە خودی خۆیدا ناوی ئاوابوون دەدۆزێتەوە

*

پێدەکەنێ... گیروگاز دەکا... دەچێتەگشت جێگایەکەوە

هەمووان دەبینێت و هیچی لێ شاراوە نییە

دڵەکان ئاوەڵا دەکات و لەدیوار بەولاوە هیچ نابینێ

*

ڕێگای تاراوگەیان پیشان دا

هاوشانی پێچ و پلووچی ڕووبارەکەیە

لە دارستانەکەدا ئاژەڵ دەورەی داوە

سەرچاوە: دیوانی: ( قبر ابن عربی ) ــ المجلس الأعلى للثقافة: ۱۹۹۹

**

دوو شیعری شاعیری ناوداری فەلەستینی: سالم جبران

## خۆشەویستی

**چۆن دایکێک**
**منداڵە کەمئەندامەکەی خۆی**
**خۆشدەوێ**
**نیشتیمانە خۆشەویستەکەم**
**خۆشدەوێ**

***

## ئەم سەدەیە

**خوێن لە ڕەگی تاشەبەردەکاندا**
**دەگەڕێ**
**ئاو تینوێتیی تەرمی مردۆکان دەشکێنێ**
**هەموو بستێک**
**لەم خاکە تاڵەی جیهانمان**
**پاڵێوراوە کە ببێتە گڵکۆیێک**
**گوڵیش ئێستا بووە بە دەستەسڕو**
**ماڵئاوایی لە مردووان دەکات و**
**لە دوای ئەوان**
**نۆرە بۆ مردووی دی دەگرێ**

*

**لە گۆشتی ئێمە دەخوات**
**ئەم سەدەیە**
**لە خوێنی ئێمەش**
**نۆش دەکات...**



سەرچاوە: قصائد لیست محددة الإقامة ـ دار الآداب : ١٩٧٠

**

چەند کۆپلە شیعرێکی هەڵبژاردە لە شیعرەکانی مستەفا عەبدوڵلا

**کە نەوت کیشوەرەکەمانی**

**دۆزییەوە**

**بەردی بۆ گڵکۆکانمان**

**دۆزییەوە**

*

**فێر بووم چاوەڕێ بکەم و**

**لە پاسەپۆرتدا**

**نیشتیمانێک بۆ خۆم دروستبکەم...**

*



**ئەی شەمەندەفەرەکە**

**ئەی نیشتیمان**

**دەیانەوێ ئامادەبین**

**وەک جانتا**

**بۆ دابەزین**

**یا**

**بەرەو سێدارە بچین...**

**شەوو ڕۆژ نیشتیمانەکەم**

**لە ژوورەکەمدا هاتوچۆ دەکات**

**لێی دەگەڕێم**

**لەسەر نوێنەکەمدا**

**ئارەقە دەردات**

**بە شەوگارو بە ڕۆژگار**

**وەکو ڕووبار...**

سەرچاوە: مكاشفات ما بعد الرحيل

***